
# ڤایرۆسی کۆرۆنا چییە؟

**باخان مەحمود کەریم**

**بەشی زانستی بایۆلۆجی/ زانکۆی سلێمانی**

ڤایرۆسی کۆرۆنا گەورەترین گروپی ناسراوی (RNA) ڤایرۆسەکانە کە دابەش ئەبن بۆ چوار ڕەگەز و ئەوانیش بریتین لە: α-CoVs, β-CoVs, γ-CoVs, and δ-CoVs کە لە نێوانیاندا ڤایرۆسەکانی ڕەگەزی ئەلفا و بێتا تووشی شیردەرەکان ئەبن لە کاتێکا دوو ڕەگەزەکەی تر ئەتوانن باڵندەکان و هەروەها شیردەرەکانیش تووش بکەن.




وێنە /ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ

تا ئێستا حەوت جۆری ڤایرۆسی کۆرۆنا دۆزراونەتەوە کە تووشی مرۆڤ ئەبن و ئەبنە هۆی نەخۆشیەکانی کۆئەندامی هەناسە کە یەکەم جۆریان لە ساڵی ١٩٦٠کان دۆزراوەتەوە و کۆتا دانەیشیان لە ساڵی ٢٠١٩ و لە چین دۆزرایەوە. سێ باوترینیان بریتین لە

SARS-CoVکە لە ساڵی ٢٠٠٢ لە چین دۆزرایەوە،

MERS-CoV لە سعودیە کە بە ناوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناونراوە، SARS-CoV-2 ئەم جۆرەیان کە مەبەستمانە لە ئێستادا

لە سەرتاسەری جیهاندا بڵاوبۆتەوە ئەم ڤایرۆسە توشی خانەکانی ڕێڕەوی هەناسەدانی مرۆڤ ئەبێ هەروەها بەشی خوارەوەی کۆئەندامی هەناسە، بە پێی لێکۆڵینەوەکان سەرچاوەو خانەخوێی سەرەکی ئەم ڤایرۆسە شەمشەمەکوێرەیە کە لەوەوە بۆ مرۆڤ گوازراوەتەوە.




*وێنە II سەرچاوەی هەر سێ ڤایرۆسی 2SARS-Cov,MERS-Cov,SARS-Cov.*

ئەم ڤایرۆسە مەترسی زیاتری بۆ سەر کەسانی بەساڵاچوو لەگەڵ ئەو کەسانەی کە نەخۆشییەکانی دڵ، بەرزەپەستانی خوێن، کۆئەندامی هەناسە، ئەوانەی بەرگرییان لاوازە هەیە.

ماوەی مانەوەی ڤایرۆسەکە لە ناو دڵۆپەکان لە هەوادا نزیکەی ٣٠ خولەکە، وە لەسەر مادە ستیل و پلاستیکەکان بۆ ماوەی زیاتر لە ٧٢ کاتژمێر زیاتر ئەمێنێتەوە، بەڵام لەسەر ئەو شتانەی لە مس دروستکراون بۆ ماوەی ٤ کاتژمێر ئەمێنێتەوە و لەسەر کارتۆن و مادە کاغەزییەکان بۆ ماوەی کەمتر لە ٢٤ کاتژمێر ئەمێننەوە.

## ئەو نیشانانە چین کە کەسی هەڵگری ڤایرۆسەکە هەیەتی:

ئەم نیشانانە لە ماوەی ٢ بۆ ١٤ ڕۆژ دەرئەکەون و

باوترین نیشانە بریتیە لە هەبونی:


**تا**

**ئازاری ماسولکەکان و شەکەتبون**

**هەناسە توندی**

**کۆکەی وشک**

**وە لە هەندێک نەخۆشدا سەرئێشە، پژمە، ئازاری قورگ، سکچوونیش ڕوودەدات.**




وێنە /// نیشانەکانی کۆڤید-١٩

## چارەسەری کۆڤید-١٩ چییە:

تا ئێستا هیچ چارەسەرێکی یەکجاری کە بە تەواوی چارەسەری نەخۆشییەکە بکات قبوڵ نەکراوە بەڵام لە ئێستادا چەن دەرمانێک وەک چارەسەر بەکارئەهێنن لەوانە:

- هایدرۆکسی کلۆرۆکین، کلۆرۆکین: دەرمانێکی دژە مەلاریایە کە لە چەند وڵاتێک لە لیستی چارەسەرەکاندا سڕاوەتەوە ئەویش بە هۆی بوونی کاریگەری نەرێنی لەسەر دڵ.
- ڕێدیمسیڤیر (Redemsivir) فاڤیپیراڤیر (favipiravir): دژە ڤایرۆسن کە کاریگەری باشیان هەبووە لە ئێستایا لە قۆناغی سێیەمی تاقیکردنەوەکاندان کە بریتیە لە تاقیکردنەوەی دەرمانەکە لەسەر زیاتر لە ٣ هەزار کەس.

- **پلازمای نەخۆشی چاکبوەوە لە کۆڤید-١٩:** کە بریتیە لە بەکارهێنانی پلازمای خوێنی کەسی چاکبوەوە لە نەخۆشیەکە.

**ئایا پێکوتەی سیل(BCG)کاریگەری لەسەر کۆڤید-١٩ هەیە:**

بە پێی توێژینەوەکانی توێژەرانی پەیمانگای نیۆرکی تەکنۆلۆجی وە هەروەها زانکۆی فوجیتای ژاپۆنی پێکوتەی سیل کاریگەری هەیە لەسەر کەمکردنەوەی خێرا بڵاوبونەوەی ڤایرۆسەکە.


Coronavirus
Vaccine
Injection only
20 ml
Store


CORONAVIRUS
BCG
Vaccine

## چۆن خۆمان بپارێزین:

- دوورکەوتنەوە لە شوێنی قەرەباڵغ کە هەست بە باشی ناکەن با ماوەی نێوانتان لە مەتر زیاتر بێت.
- دەستەکانت لە پاش هەر کارێک کە ئەیکەی بۆ ماوەی ٢٠ چرکە بە ئاوو سابوون یاخود ئەو کە ئەلکهولیان تێدایە بشۆ
- لە کاتی پژمین یاخود کۆکین کلێنکس بەکاربێنە.
- دەست مەدە لە دەموچاوو لوتت کاتێک دەستت خاوێن نییە وە پێش ئەوەی دەستت بشۆی.
- ماسک کاتێک بەکاربێنە کە هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسی نەخۆش یان کاتێک ئەپژمی یان ئەکۆکیت.




وێنە  شێوازی خۆپاراستن لە توشبوون بە کۆڤید-١٩

# سەرچاوەکان

https://www.nature.com/articles/s41591-020-0820-9
https://www.nature.com/articles/s41541-020-0170-0
https://www.sciencedirect.com/science/article/pii/S1477893920300247
https://www.sciencedirect.com/science/article/pii/S2090123220300540
https://www.researchgate.net/publication/340083500_The_Possible_Immunological_Pathways_for_the_Variable_Immunopathogenesis_of_COVID-19_Infections_among_Healthy_Adults_Elderly_and_Children
https://drgregmaguire.org/2020/02/28/coronavirus-covid-19-what-is-it-and-what-can-be-done-to-mitigate-the-spread-and-effects-of-this-virus/
https://www.eurekalert.org/pub_releases/2020-04/uonc-ana040320.php
https://www.ncbi.nlm.nih.gov/books/NBK554776/
https://www.jstage.jst.go.jp/article/ddt/14/1/14_2020.01012/_article/-char/ja/
https://www.medrxiv.org/content/10.1101/2020.03.30.20048165v1.full.pdf+html
https://www.medrxiv.org/content/10.1101/2020.03.24.20042937v1
https://www.who.int/news-room/q-a-detail/q-a-coronaviruses#:~:text=symptoms
https://www.nature.com/articles/s41422-020-0282-0
https://www.sciencedirect.com/science/article/pii/S0883944120303907